# شیكردنەوەیەكی دەرونی بۆ (كەسێتی سەرەكی لە ڕۆمانی'دەریاس و لاشەكان'ی بەختیار عەلی دا) لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیكاری

**سەركەوت عومەر ئیبراهیم**

بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Sarkawt.omer@uor.edu.krd

**ناهیدە حسێن عەبدولڕەحمان**

بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** nahida-barzinji@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شیكردنەوەیەكی دەرونی بۆ كەسێتی سەرەكی لە ڕۆمانی 'دەریاس و لاشەكان'ی بەختیار عەلیدا لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیكاری) ئەنجامدراوە. بێگومان كەسێتی لە دەقی ڕۆماندا، پانتاییەكی فراوان داگیردەكات، لایەنی دەرونیش ڕۆڵ و كاریگەری خۆی هەیە، لە ڕەنگرێژكردنی هەڵوێست و ڕەفتارو كرداری كەسێتییەكاندا. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێكە بۆ شیكردنەوەی لایەنە دەرونییەكانی كەسێتییە سەرەكییەكان لە چوارچێوەی ڕۆمانەكەدا، لەبەر ڕۆشنایی بنەماكانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیكاریدا.

توێژینەوەكە بەسەر دو بەشی سەرەكیدا دابەشكراوە. تەوەری یەكەمی بەشی یەكەم تایبەتكراوە بە چەمك و پێناسەی دەرونناسی، لە تەوەری دوەمدا ئاماژە بە میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیكاری لە ئەدەبدا كراوە، لە تەوەری سێیەمدا. پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونناسی خراوەتەڕو. لە تەوەری یەكەمی بەشی دوەمیشدا باس لە ئامانج و مەبەستی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە و شیكردنەوەی كەسێتی ڕۆمان كراوە، لە تەوەری دوەمیشدا، لە ڕوانگەی پێنج دیاردەی دەرونییەوە كە بریتین: لە دیاردە دەرونییەكانی (خەم، ڕەشبینی و بێهیوایی، هەستی خۆبەكەمزانین، ترس و دڵەڕاوكێ، هەڵچون و تورەبون، نامۆبون) هەوڵمانداوە لە ڕێگەی ئەم دیاردە دەرونییانەوە شیكردنەوە بۆ باری دەرونی هەردو كەسێتی سەرەكی نێو ڕۆمانەكە بكەین، كە بریتین لە: "ئەلیاس و دەریاس" كە لە ئەنجامی بڕوابونی ئەلیاس بە ئەنجامدانی شۆڕش و بڕوا نەبونی دەریاس بە هەڵگرتنی چەك و شۆڕشگێری، لە لایان ڕەنگدەداتەوە لە چوار چێوەی ڕەوتی ڕوداوەكاندا.

**كلیلە وشەكان:** كەسێتی سەرەكی، میتۆدی دەرونشیكاری، ڕۆمان، بەختیار عەلی.

## پێشەکی:

خوێندنەوەی دەرونی یەکێکە لەو ڕەهەندە گرنگانەی، کە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکانی لەسەر بنیاتدەنرێت، جا شیعر بێت یاخود ژانەرەکانی گێڕانەوەی وەکو چیرۆک و ڕۆمان. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە تیۆری (دەرونشیکاری فرۆیدو تیۆری هەستی خۆبەکەمزانینی ئەلفرێد ئادلەرو تیۆری پەرچەکرداری مەرجی ئیڤان بافلۆڤ ...هتد) دەبەسترێت، کە زیاتر بە ناخ و دەرون و ژیان و ژینگەی نوسەرو دەوروبەریدا شۆڕ دەبنەوە. بەڵام تیۆری دەرونشیکاری فرۆید بوەتە بنچینەو بنەوانی شیکردنەوەی دەرونی دەقە ئەدەبییەکان، هەر ئەم تیۆرە کە لەسەر دەستی(فرۆید) سەریهەڵداو دواتریش گەشەیکردو بو بە زمانحاڵی (میتۆدی ڕەخنەی دەرونی). لەم میتۆدەدا پەیوەندییەکی بەهێز، دەق و نوسەر بەیەکەوە دەبەستێت، بە جۆرێک زۆرجار دەتوانین لە ڕێگای دەقەوە بە دەرون و شوناس و کەسێتی نوسەر بگەین. بەواتایەکی تر کار لەسەر ئەو پاڵنەرە دەرونییانە دەکات، کە بونەتە هۆی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی لای نوسەر.

دیارە زۆرجار خودێتی و ئازارو مەینەتییەکانی نوسەر، دەبن بە ناسنامەو هەوێنی دەق، ئەگەرچی زۆرجاریش ڕوداو و بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو قۆناغە، کارتێکەری ناخی نوسەرن و هەمو ئەمانە دەق ڕەنگرێژ دەکەن و دواجاریش لە ژانرەکانی گێڕانەوەدا بەتایبەتیش ژانری ڕۆمان لە ڕەفتاری کەسێتییەکاندا دەنوێنرێن.

**- ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییەلە (شیکردنەوەیەکی دەرونی بۆ کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانی 'دەریاس و لاشەکان'ی بەختیار عەلی دا لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیکاری)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو خوێندنەوەی کەسێتی سەرەکی و پیشاندانی بارە دەرونییە جیاوازەکانی لە دۆخە جیاوازەکاندا.

**- سنوری توێژینەوەکە:** هەمو کارێک سنورو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، سنوری کارەکەی ئێمەش خوێندنەوەو شیکردنەوەی دەرونی کەسێتی سەرەکییە، لە ڕۆمانی دەریاس و لاشەکاندا. واتە لێرەدا تەنیا قسە لەسەر کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە (دەریاس و ئەلیاس) کە دو برای دوانەن، بەڵام بیرو وێستگەکانی ژیانیان لە یەکتری جیاوازن.

**- میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی کراوە، کە پشت بە (تیۆری دەرونشیکاری فرۆید) دەبەستێت و بە هۆیەوە ڕۆچوینەتە نێو دەرونی کەسێتییەکانەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

- **پێکهاتەی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە بەسەر دو بەشدا دابەش کراوە. تەوەری یەکەمی بەشی یەکەم: چەمک و زاراوەی دەروونناسی ڕونکراوەتەوە؛ واتە قسە لەسەر چەمکی دەروونناسی کراوەو چەند پێناسەیەکیش خراونەتەڕو. تەوەری دوەم: میتۆدی ڕەخنەی دەرونشیکاری لە ئەدەبدا؛ لێرەشدا باسی تیۆرەکەی زانای دەرونناس (فرۆید) کراوەو ئەوە خراوەتەڕو، کە ئەم تیۆرە چۆن گوێزراوەتەوە بۆ نێو ئەدەب و لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەنگیداوەتەوە. تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونناسی؛ لەم تەوەرەیەدا هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان چەمکی ئەدەب و دەرونناسی بخرێتەڕو. تەوەری یەکەمی بەشی دوەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ ئامانج و مەبەستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و شیکردنەوەی کەسێتی ڕۆمان. تەوەری دوەمی هەمان بەشیش تایبەتکراوە بەشیکردنەوەی دەرونی کەسێتی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا. لەم تەوەرەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کرداری و بە وەرگرتنی نمونەی نێو ڕۆمانەکە، قسە لەسەر بارە دەرونییە جیاوازەکانی کەسێتییە سەرەکییەکان بکرێت. پاشان کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو. لە کۆتایشدا ئاماژە بە چەند ئەنجامێک کراوە، لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوە سود لێوەرگیراوەکان .

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی دەرونناسی

لە سەرەتادا زاراوەی (دەرون) هەوێنی بیرکردنەوەی فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکان بوە، وەک (زەینەفون، سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ)، هەروەها دەرون بەردی بناغەی هەمو یاساکانی ئەو فەیلەسوفە موسڵمانانەش بوە، کە لایەنگیری فەلسەفەی یۆنانیان دەکرد، وەکو (ابن سینا، ابن ڕوشد، فارابی..هتد). زاراوەی دەرون لە کۆنترین قۆناغەکانی مێژوی شارستانییەتی جیهاندا بەکارهێنراوە. بە زمانە دێرینەکانی وەکو (یۆنانی، ڕۆمانی، عەرەبی..هتد)، دەیان لێکۆڵینەوە بۆ شیکردنەوەی چەمک و باسکردنی ئەنجامدراوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەمکی دەرونناسی و ڕەگ و ڕیشەی دیاریبکەین، ئەوا (دەرونناسی) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە، بۆ زمانی یۆنانی، کە ((لە هەردو وشەی" Psyche" کە بە مانای گیان یان دەرون بەکارهاتوە، یان زۆر جار وشەی (Psychirion) بە مانای ڕوحانی یان دەرونی بەکارهاتوە، لەگەڵ وشەی(Logy)کە بەمانای زانست یان لێکۆڵینەوە هاتوە))(عەبدوڵڵا: ٢٠١٣،٩). هەروەها ((لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی "Psychology")) بەکاردێت(سەعدون: ٢٠١٣، ١٩). لە ((زمانی فەرەنسی زاراوەی" Psychogie")) بەکاردێت (عیسا: ٢٠١٣، ١٦). هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا ((علم النفس یان السیکولوجیا))بەکاردێت(ئەسوەد: ٢٠١٥، ٢٣٨).لە زمانی کوردیشدا زاراوەی ((دەرونزانی و دەرونناسی)) بەکاردەهێنرێت.(ڕەزا: ٢٠١٧، ١١٥)، هەردو زاراوەکەش شارەزابونە لە شتە شاراوەکانی دەرونی مرۆڤ، یاخود زانینی زانیاری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ. سەرجەم ئەم زاراوانەش یەک واتا لەخۆدەگرن، ئەویش شارەزابونە لە ناخی مرۆڤ و شیکردنەوەی ئەو گرێ و ئاڵۆزییانەیە، کە تاکو ئێستا زانست پێیان نەگەیشتوە، هەوڵدەدات لە ژێر تیشکی زانستی دەرونناسی لێیان بکۆڵێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ((بۆ یەکەم جار لەلایەن دەروونناسی ئەمریکییەوە " وەلیم جیمس"ەوە ساڵی ١٨٩٨ لە کتێبەکەیدا بە ناوی "بنەماکانی دەروونناسی- Principle Of Phsiology" بەکارهاتوە))(منصور: ١٩٧٨، ١٠). دەروونناسی وەکو هەر زانستێکیتر گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە. بابەتی سەرەکی دەروونناسی (علم النفس) بریتییە لە تێگەیشتن و بەدەستهێنانی زانیاری لە ((هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ، مەبەست لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ ئەوەیە کە هەمو چالاکی و پێویستییەک کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێت، واتە لایەنی ژیری"عەقڵی" کە هەستکردن، یادکردنەوە، بیرکردنەوە، لێکدانەوە، پێشبینیکردن. هەروەها لایەنی هەڵچون، تورەبون، ڕق و کینە، خۆشەویستی، دڵەڕاوکێ، ترس، حەزو ئارەزو...هتد و لایەنی جوڵەیی، نوسین، ڕۆشتن، قسەکردن، سوربون...هتد))دەگرێتەوە (قەرەچەتانی: ٢٠٠٦، ٣٣-٣٤).

زانایانی بواری دەروونناسی چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە کردوە، هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیی و لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە پێناسەی ئەم چەمکەی کردوە. لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕو:

((دەرونزانی ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لە ئەنجامی وروژێنەرەکانەوە دەردەکەوێت و بە دوای پرۆسە مەعریفییەکانی و ئەزمونەکانیدا دەگەڕێت))(محمد: ٢٠٠٤، ١٥) بەو واتایەی دەرون مەڵبەندی هەست و ژیری و یادگارییەو کانگای پێویستییەکانە، ئەمانەش دەبنە پاڵنەری ڕەفتارەکانی مرۆڤ و بەرجەستە کردنی ئەزمونە مەعریفییەکان. ((دەرونزانی ئەو زانستەیە کە لە ڕەوشتی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوە، لە کردەوەو قسەو جوڵەی دیار) (عیسا: ٢٠١٣، ١٧) واتە ڕەوشتی مرۆڤ تەنیا جموجۆڵ نییە، بەڵکو زۆرجار مرۆڤ هەڵچونەکانی بە جموجۆڵ لە ڕێگای دەنگ بەرزکردنەوەو قسەکردنەوە دەردەبڕێت و لێرەشەوە دەتوانێت خۆی لە هەستە پەنگ خواردوەکانی ناخی خاڵی بکاتەوە.

((دەروونناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەو زانینی دەرونی مرۆڤ))(منصور: ١٩٧٨، ١٠). واتە لێکۆڵینەوەو ئاشکراکردنی ناخی مرۆڤ. ((دەرونزانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ژیری مرۆڤ))(ژاڵەیی: ٢٠١٠، ٨) واتە دەروونناسی لێکۆڵینەوە لە عەقڵی مرۆڤ دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات، مرۆڤ ئاگاداربکاتەوە لە ڕوداوەکانی کۆمەڵ.

((دەرونزانی ئەو زانستەیە، کە لە ڕەفتاری ڕواڵەتی دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی سیستەمییە و هەوڵدەدات ڕاڤەی ئەو پەیوەندییە بە کردارەکانی نەبینراوەوە بکات، کە لە ناوەوەی ئەندامەکانی چ ژیری یان جەستەیی بێت، یان پەیوەندی بەڕوداوەکانی دەرەوە لە ژینگە لەلایەکی ترەوە هەیە)) (پەتی: ٢٠٠٠، ٢٣٤). کەواتە دەروونناسی زانستێکە گرنگی بەڕەفتاری دەرەوە، یان دەرکەوتەکانی دەرونی مرۆڤ دەدات، دیارە ئەو کارو ڕەفتارانەش لەدەرونی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتوەو لە ڕەفتار و گوفتارەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە.

((دەروونناسی ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لەسەر ڕەوشت و بیرو هۆش و ئاکارو هەڵچونی مرۆڤ دەکات))(الريماوي: ١٩٩٣، ٣٣) واتە دەروونناسی لێکۆڵینەوە لە بیروبۆچون و ڕەوشت و هەڵچون و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات، هەمو ئەمانەش لە دەرونەوە سەرچاوە دەگرن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەم شێوەیە دەبینین هەمو پێناسەکان، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە دەرونناسی ئەو زانستەیە، کە لە هەڵسوکەوت و چالاکی و ژیری و زانیاری و ڕەوشت و بیرکردنەوەو جوڵەو کردەوەو قسەو ئارەزو و هەڵچون...هتد کەسایەتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی ئەمانە دەرکەوتەکانی مرۆڤن، هاوکات بایەخ بە لایەنی (هەڵچون، ترس، تورەبون، شڵەژان، خەم، هەست، نەست، سۆز، عەقڵ)ی مرۆڤ دەدات. لە هەمو ئەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە، کە تایبەتمەندی کەسێتی تاک دیاریدەکەن، سەربارى ئەمانەش لە جیهانی دەرون و ناوەوەی کەسەکانەوە، کەسێتییەکان دەخوێنێتەوەو ڕاڤەیان دەکات.

## تەوەری دوەم: میتۆدی ڕەخنەی دەرونی

هەر لە کۆنەوە (ئەفلاتون) پێی وابوە؛ شاعیران کار لەسەر هەست و سۆز دەکەن، هەست و سۆزیش بەشێکی گەورەیە لە ناخی مرۆڤ و بزوێنەری دەرونی مرۆڤە، کەواتە بونی لایەنی دەرونی لە شیعردا پێشتر قسەی لەسەرکراوە. بێگومان ڕەخنەش کار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات، ئەو دەقانەش کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ناخی خاوەنەکەیەتی، وای لە ڕەخنەگران کرد، هەوڵی کردنەوەی ئەو گرێ دەرونییانە بدەن و لێیبکۆڵنەوە، ئەمەش بوە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی. یەکێک لەو زانایانەی، کە توانی تیۆری دەرونی وەک میتۆدێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بچەسپێنێت (سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦- ١٩٣٩) بو، کە توانی ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بەرەوپێشچونی ئەم میتۆدەدا.

فرۆید یەکێک بو لە زانا دیارەکانی بواری پزیشکی و بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرە دادەنرێت، کە توانی بە بیروبۆچونەکانی وەرچەرخانێکی گەورە، لە بواری دەرونناسیدا دروست بکات. فرۆید بە شیکردنەوەی کەسێتی مرۆڤ، نەک تەنیا بواری پزیشکی، بەڵکو هەمو مرۆڤایەتی هەژاند. ((یەکێک لە گرنگترین دۆزینەوەکانی فرۆید چۆنێتی کاریگەری پڕۆسە نەستییەکانە، بەتایبەتی کاریگەری پاڵنەرە نەستییەکان لەسەر کەسایەتی مرۆڤ))(الجسمانی: ١٩٨٤، ١٧٥) واتە نەستی مرۆڤ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتارو کەسێتی مرۆڤ بە گشتی. ((فرۆید شێوازێکی نوێی داهێنا، ئەویش شیکردنەوەی دەرون بو، کاتێک نەخۆشەکانی درێژ دەکردو لە پشتی دادەنیشت، نەخۆشەکە ئەوی نەدەدیت، یەکەم جار پرسیاری لەسەر نەخۆشییەکەی لێدەکرد. پاشان دەچوە ناو وردەکارییەکانی ژیانییەوە))(عەبدوڵڵا: ٢٠١٣، ٢٣). ناوبراو ئەم ڕێگایەی تاقیکردەوە، بەمەش کاری سەرەکی لە کلینیکەکەیدا بو بە گوێگرتن لە نەخۆشەکانی، کە بە شێوەیەکی باش هاندەدران، هەست بە ئارامی بکەن و هەرچییەک بە بیرو خەیاڵیاندا دێت بیڵێن. ئەم شێوازە تا ئەمڕۆش لەلایەن پزیشکانی دەرونییەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەرونییەکان بەکاردەهێنرێت. فرۆید لە ئەنجامی توێژینەوەکانیدا، کۆمەڵێک چەمکی نوێی داهێنا وەک: ((وەک چەمکی نەست"اللاشعور" پێش هەست " قبل الشعور"و بایەخێکی زۆری بەلایەنی سێکسیدا، بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا))(عەلی: ٢٠٠٧، ٢٥).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

فرۆید ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبو، لە شیکردنەوەی دەرون یان کەسێتی مرۆڤدا. پێی وابو، کە ((دەرون یان کەسایەتی مرۆڤ، وەکو پارچە سەهۆڵێکی جەمسەری زۆر گەورەیە، کە تەنیا بەشێکی زۆر بچوکیان لێوە دیارە، ئەم بەشە، بەشی ئاگایی پێکدەهێنێت، بەشە گەورەکەی تری لە ژێر ئاوەکەدایە، کە بریتییە لە نائاگایی))(شاملۆ: ٢٠١٠، ٣٩). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە سیگمۆند فرۆید هەوڵی داوە، بەشە گەورەکەی تری دەرونی مرۆڤ، کە نەست دەگرێتەوە، ڕونبکاتەوە. لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر سێ بابەت دەکردەوە، کە بە بۆچونی ئەو، کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کەسێتی مرۆڤ، ئەوانیش: (پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی، هێزی نەست، سێکس)، کە پێی وابو ئەمانە لە قۆناغەکانی تری تەمەنی مرۆڤدا کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێت.

بێگومان بە بڵاوبونەوەی لێکۆڵینەوەکانی فرۆید، ئەم میتۆدە ڕەخنەییە زیاتر گەشەی کردو جێگەی خۆی گرت. هەروەها لە کتێبی "لێکدانەوەی خەونەکان"دا باسی ((ئەو گرێ و نەخۆشییە دەرونیانەی کردوە، کە توشی مرۆڤ دەبن. باسی بنەماکانی خەونیشی کردوە، کە دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی حەزەکانی مرۆڤ. هەروەها هونەرمەندان و ئەدیبانی بەنەخۆشی دەماری پەیوەست کردوە. بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەرونییەکانی سودی لەئەدەب وەرگرتوە، وەکو کەرەستەیەک بۆ لێکۆڵینەوە بەکاریهێناوە))(خەلیل: ٢٠١١، ٥٦).

بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەکانی فرۆید، دەرونناسی چوە قۆناغێکی نوێوەو هانگاوی باشی بڕی. ((میتۆدەکەی فرۆید لە شیکردنەوەی ئەدەبدا، بە لێکۆڵینەوە تیۆری و پراکتیکییەکانەوە، کاریگەری گەورەیان هەبوە لەسەر ئەدەب، یەکێک لەو کاریگەرییانەش سەرهەڵدانی چەند قوتابخانەیەکی ئەدەبی بو، کە کاریگەربون بەوەی فرۆید لەبارەی هەستی ناوەکی باسیکردوە، هەندیک لەو قوتابخانانەش بریتین لە قوتابخانەی سوریالیزم "Surealizm" کە گرنگی دەدا بە گوزارشتکردن لە خەون، مەبەستیش لەوە ئازارەکانی ناوەوەی مرۆڤ بو، لە بالادەستی کۆت و بەندە عەقڵی و ڕەوشتییەکان))(حەسەن: ٢٠١٢، ٦٩-٧٠).

ناوبراو لە شیکردنەوەکانیدا سێ جۆر کەسایەتی لە ناخی مرۆڤدا دیاری دەکات. ((بە بۆچونی فرۆید دەرونی مرۆڤ لە سێ ناوچە پێکهاتوە ئەوانیش " من- Ego، منی بالا- Super Ego -، ئەو- Id " هەریەکە لەمانە ناوەڕۆک و کاریگەری خۆی هەیە)) (جاسم: ٢٠١٧، ٦٩-٧٠)

١- من (Ego): ئەو لایەنە دیارەیە لە کەسێتیدا هەستییە، واتە دەکرێت هەست بە پێکهاتەو کاریگەرییەکانی بکرێت لە عەقڵ و خودی هۆشیاریدا خۆی دەنوێنێت، کە درک بە جیهانی دەرەوە دەکات و حوکمی مرۆڤ دەکات.

٢- منی بالا (Super Ego): ئەمە هێزێکی بەزێنەری بەرپەرچکارە، کۆگای ئەو داب ونەریتانەیە، کە لە منداڵییەوە لای مرۆڤ دروست بوە، فەرماندەرە ڕێنمایی دەکات و سەرکۆنەکارە، ئەم ناوچەیە، سنورێک بۆ ئارەزوە تایبەتییەکانی مرۆڤ دادەنێت و چاودێرە بەسەر "من" و لە ویژدان جیانابێتەوە.

٣- ئەو (Id): بریتییە لە کەسایەتییەکی نادیاری نێو نەستی مرۆڤ، هەمو مەیل و حەزو ئارەزوە خەفەکراوەکان دەگرێتەوە، هەمیشە لەگەڵ دو جۆرە کەسایەتییەکی تردا لە ململانێدان دەتوانین بڵێین؛ ئەم دابەشکارییەی فرۆید، کە بۆ کەسایەتی مرۆڤی کردوە، هەمو تاکێک دەگرێتەوەو مرۆڤ بەردەوام لە نێو ئەو ململانێیەدایە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

میتۆدی ڕەخنەی دەرونی سەرەتا لە ئینگلتەرا سەریهەڵدا، ((وەک لێکۆڵینەوەکانی ئەرنست جۆنز (E. Jones) لەبارەی هاملێتەوە(١٩١٠)، لێکۆڵینەوەکانی ریچاردز لە کتێبەکەیدا، کە بەناوی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی)یە (١٩٢٤)، هەروەها خاتو مودبودکین لە کتێبەکەیدا بەناوی (نمونە باڵاکان لە شیعردا ١٩٣٤)(قطوس: ٢٠١١، ٧١). پاشان میتۆدی ڕەخنەی دەرونی گەشەیکردو لە فەڕەنساو ئەمریکاو وڵاتانی تریش بڵاوبوەوە.

بیروڕاکانی (سیگمۆند فرۆید) گرنگی خۆیان هەبو، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەو پێیەی کە هەمو ئەدەبێک بەشێکە لە دەرونی خاوەنەکەی، یان هەستی نوسەرە بەرامبەر ئەو شتانەی، کە لە دەوروبەریدا ڕودەدەن، بە واتایەکی تر بەرهەمی ئەدەبی پێش هەمو شتێک زادەی دەرونی خاوەنەکەیەتی. ئەمەش بوە هۆی سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی دەرونی. ئەم میتۆدە بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی، پشت دەبەست بە خاسیەت و بنەماکانی دەرونناسی و هەوڵدەدات، باری دەرونی و عەقڵی شاعیران و نوسەران بخوێنێتەوەو ئەو کاریگەرییانە دیارییبکات، کە ژینگەی دەوروبەرو کۆمەڵ و دابونەریت، لە ناخی نوسەراندا دروستی دەکەن. ڕەنگدانەوەی باری دەرونی نوسەر، بەرامبەر بە دیاردەیەک یان کارەساتێک دەدۆزێتەوەو نهێنییە شاراوەکان دەخاتەڕو، کە چ هۆکارێک پاڵی بە شاعیر یان نوسەرەوە ناوە، کە ئەم دەقە ئەدەبییە بەرهەم بهێنێت.

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونناسی

پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەرونناسی ڕیشەیەکی قوڵ و درێژی هەیە، لەگەڵ سەرەتاکانی ئەدەب و دەربڕینە سەرەتاییەکاندا یەکانگیرە. ئەدەب وەک دیاردەیەکی دەرونی و ژیری، ڕەنگدانەوەی ناخی ئەدیبان و هونەرمەندانە، هەڵقوڵاوی ناخ و دەرونە. بەوپێیە لایەنی دەرونی پەیوەستە بەکاری ئەدەبیەوە، چونکە (شیعرو ئەدەبیات بزوێنەری دەرونییە کە لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی لەزەت و خەم، کاری تێدەکات و دەیوروژێنێت، هەندێکجار وادەکات کە ئیرادەو کارێک ئەنجام بدات، ئەو مەسەلانەش دیسانەوە کاری دەرونناسەکانەو بەو پێیەش شیعرو ئەدەبیات مەسەلەیەکی دەرونناسییە)(زرین کوب: ٢٠٠٥، ٦٣). واتە بارە دەرونییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان پاڵنەری داهێنانی ئەدەبیین. ((هەمو بەرهەمێکی ئەدەبی کەم تا زۆر خاوەن ڕەهەندێکی دەرونییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەرونی خاوەن بەرهەمەکە لە ئان و ساتی نوسینی دەقەکەیدا دەخاتەڕو)) (گەرمیانی : ٢٠٠٦، ١٦). کەواتە دەرونناسی وەک زانستیکی مەعریفەناسی مرۆڤ، تەنیا لەو چوارچێوەیەدا نەماوەتەوە، کە گرنگی بە ناسینی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بدات و شیکردنەوە بۆ باری دەرونی و ڕەفتاری تاک بکات، بەڵکو بەهۆی گرنگییەکەیەوە پەڕیوەتەوە نێو زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکە و لە نێو داهێنانە ئەدەبیەکانیشدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە شیکردنەوەی کەسێتی داهێنەر و کەسێتییەکانی نێو بەرهەمی داهێنەراندا.

دەکرێت بڵێین؛ دەرونناسی و ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت، چونکە دو لایەنی گرنگی ژیانی مرۆڤن و هەردوکیان بە دوای ڕاستییەوەن و بایەخ بە ئارەزوەکانی مرۆڤایەتی دەدەن، بەواتایەکی تر دەرون بۆ بەشێک لە ئەدەب و هونەر، وەک بنەماو پاڵنەرو هۆکاری هاتنە کایەوەی ئەدەبە. کەس ناتوانێت نکۆڵی لە پەیوەندی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نێوان دەروونناسی و ئەدەب بكات، چونكە ئەدەب و دەروونناسی هەردوكیان هەوڵی نیشاندانی ناخی مرۆڤ دەدەن و مامەڵە لەگەڵ هەمان بابەتدا دەكەن، كە ئەویش بیرو سۆزو خەیاڵ و هەست و نەستی مرۆڤە. ((زۆربەی پێكهاتەی كارە ئەدەبییەكان لە ڕێگای چەندین فاكتەرو هۆكاری بەهێزەوە، بە دەرهاویشتەو بوارەكانی سایكۆلۆژیاوە پەیوەستن، خودی ئەدەب بۆ خۆی هەوڵدانێكە بۆ باڵاكردن و پیرۆز ڕاگرتنی دەرونی مرۆڤایەتی، هەر ئەوەشە هەمان ئامانج، كە سایكۆلۆژی دایدەڕێژێ و دەینەخشێنێ))(بۆكانی: ٢٠٠٦، ١٠). واتە دەتوانین لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەكانەوە كەسایەتی و بارە دەرونییەكانی نوسەر بزانین و شیكردنەوەی بۆ بكەین. نزیكبونەوەی دەروونناسی لە دەقی ئەدەبیدا، خۆی لە خۆیدا نزیكبونەوەیە لە خودی نوسەر، چونكە ئەوەی نوسەر یان شاعیر لە چوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیدا دەریدەبڕێت، ڕەنگدانەوەی دەرونییەتی بەرامبەر بە دیاردەیەك یان ڕوداوێك، كە كاریگەری لەسەر لایەنی دەرونی نوسەر دروست كردوە.

ئەگەر ئەدەب ڕەنگدانەوەی دەرون نەبێت، چۆن شاعیران و نوسەران دەتوانن ڕوداوەكانی چوار دەوریان لە چوارچێوەی دەقێكی ئەدەبیدا، بۆخوێنەر بەیان بكەن. (ڤیكتۆر هۆگۆ) نوسەری ناوداری فەڕەنسی دەڵێت: ((بۆ ئەوەی شتێكی ڕاستەقینە سازبكەی، پێویستە وەسفی دەرونی ڕاستی بكەین))(البصیر: ١٩٨٣، ٦٢) بەمەش دەگەینە ئەوەی، ((پێش هەمو شتێك ئەدەب شتێكی دەرونییەو ئاوێنەی ئەقڵ و دەرونی نوسەرە، یان وێنەیەكە لە وێنەكانی گوزارشتكردن لە دەرون))(سعید: ٢٠١٥، ٨٤) نوسەر لە بەرهەمەكەیدا گوزارشت لە دەرونی خۆی دەكات، بۆیە كەم و زۆر لە هەناوی دەقەكەدا ڕەنگدانەوەی لایەنی دەرونی نوسەر بەدیدەكرێت. كەواتە سایكۆلۆژیا دەبێتە ڕوگە و ئاوێنەی دەرخستنی ڕەهەندە دەرونییەكان لە ئەدەبدا. لێرەدا دەردەكەوێت كە ئەدەب ((بریتییە لە گونجاندن و هاوسەنگێكی دەرونی و زەینی، كە لە ئەنجامی هۆكارە مەعریفییەكانەوە بەدەست دێت و لەبارێكی هەستیدا دەردەكەوێت، وەستان و هەستی مرۆڤ بەرامبەر ئەو هەماهەنگییانەش بڕیاری "جوانیناسی" لێدەكەوێتەوە)) (غەریب :٢٠١٤، ٢٢١) .

ئەدەب هەمیشە بەجۆرێك لە جۆرەكان، هەوڵی خستنەڕوی نهێنی و لایەنە شاراوەكانی ناخی نوسەران دەدات، هەمو نوسەرێكیش هەوڵدەدات، كە دەقەكەی بەجۆرێك بەرهەم بهێنێت، كە زۆرترین كاریگەری بكاتە سەر خوێنەر، ئەم كاریگەربونەش پەیوەندی بەدەربڕینی ناخی نوسەرەوە هەیە، كە دەقە ئەدەبیەكەی پێدادەڕێژێت. كەواتە ((ئەزمونی دەق، بەپێی سایكۆلۆژیای نوسەرەكانیان لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكیتر یان لە نوسەرێكەوە بۆ نوسەرێكی تر جیاوازی دروست دەكەن))(عیسا: ٢٠١٣،١٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە شێوازو گێڕانەوەی ڕوداو بە پێی نوسەران دەگۆڕێت، جگەلەوەش لەتەمەنێكەوە بۆ تەمەنێكیتر، لە نێو خودی كەسەكانیشدا دیاردەو شتەكان، لێكدانەوەو تێڕوانینی جیاواز وەردەگرن. دیارە هەمو نوسەرێكیش شێواز و تەكنیكی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نوسین و دەربڕینی ناخی خۆی، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەوەی، كە بڵێین؛ ((لەوانەیە ئاسان نەبێت ئەدەبێك پێكبێت بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێك نەبێت لە دەرونی خاوەنەكەی، یان بەلایەنی كەمەوە بەشێك نەبێت لەهەستی ئەدیب بەرامبەر ئەو شتانەی لەدەوروبەریدا هەن)) (ڕەزا: ٢٠١٧، ١١٩). بێگومان ئەم ڕەنگدانەوەیە شوێنی لەدایكبون و منداڵی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

و گەورەبون و هەمو ئەو ڕوداوانەی، کە بینیویەتی دەبن بە بەشێک لە بیرەوەری و بابەت گەلێک، کە ناوە ناوە دێنەوە یادی و لە دوتوێی نوسینەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە، زۆر جاریش ئەم بابەتانە لەنەستی مرۆڤدا دەمێننەوەو بەبێ ئاگایی جارێکی تر دێنەوە نێو بوارەکانی نوسین.

(سانت بیڤ) ((یەکەم کەسە بایەخی بەلێکدانەوەی دەرونی بۆ ئەدەب داوە، کە ویستویەتی لە ڕێگەی کارەکانیانەوە پەردە لەسەر دەرونی نوسەر لابەرێت و لایەنی دەرونیان ڕونبکاتەوەو، نهێنییەکانی ژیانیان بدۆزێتەوە، کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی داهێناندا هەیە))(سەعدون: ٢٠١٣، ٦٧). سانت بیڤ لە ڕێبازە ڕەخنەییەکەیدا، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە لێکۆڵینەوە لە ئەدیب و شاعیر دەبێت لە ڕوانگەی (دەرونی، جەستەیی،کۆمەڵایەتی)یەوە بێت. هەمو شتێک کە پەیوەندی بە ژیانی ئەدیبەوە هەبێت، پەیوەستە بەدەرونی خودی نوسەرو ڕەنگدانەوەی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانییەتی، بەجۆرێک پەیوەندی دەرونی نوسەر، بەدەقەوە و دەستنیشانکردنی سیما و تایبەتمەندییەکانی دەرونی نوسەر ڕێگا خۆشکەرن بۆ نزیکبونەوەی ئەدەب لە دەروناسی.

کەواتە ((پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەدەب و دەروناسی دایە، چونکە دەرون و هونەر یەکدی تەواودەکەن، ناخی هونەرمەند ڕەنگدانەوەی دەرونییەتی))(ڕەشید: ٢٠١٦، ٢١). دروستبونی پەیوەندی نێوان ئەم دو بوارە، لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا وەرچەرخانێکی گەورە بو، بەهۆی ئەو چەمکە دەرونییانەی، کە فرۆید و هاوڕێکانی دایانهێنا، گەڕانەوە بۆ ناخی نوسەر، لەوێشەوە دەرونشیکاری هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو یاسا دەرونییانەی دەدا، کە کەسێتی مرۆڤ بەڕێوەدەبەن.

دەکرێت بڵێین؛ کەسێتی نوسەر ڕەنگدانەوەی تەواوی دەبێت لە نێو دەقی ئەدەبیدا، قۆناغەکانی گەشەکردنی کەسێتی مرۆڤ، هەرلە منداڵییەوە تاکو گەورەبون، لایەنێکی توێژینەوەی دەرونشیکارین. هەر لێرەوە شیکاری بۆ ئەو حەزو غەریزە و چەپاندنانەی نوسەر دەکرێت، کە هۆکارێکن بۆ نوسینی دەقی ئەدەبی. کەواتە ئەدەب و دەروناسی تەواوکەری یەکترین و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە.

## بەشی دووەم: شیکردنەوەی کەسێتییە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە

### تەوەری یەکەم: ئامانج و مەبەستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەو شیکردنەوەی کەسێتی ڕۆمان

ئەم ڕۆمانە لەڕوی ناوەڕۆکەوە، شوناسێکی سیاسی هەیە، واتە هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسییە، چەندین ڕوداو و کەسایەتی مێژویی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە هەموی ڕەنگدانەوەی بیرو ئایدیاو تێڕوانینەکانی خودی نوسەرن، بۆ بەشێکی دیاریکراوی مێژوی کوردو تەنانەت خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەشە، بۆ خودی سیاسەتکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی، چونکە لەبنەڕەتدا ((ڕۆمان، تێڕوانینی نوسەرە لە ئاست ژیاندا، لە ئاست ئەم کەون و لۆگۆسەدا، لەمەڕ مرۆڤ و ئاین و مردن و...هەر نوسەرەو بۆچون و گۆشەنیگای خۆی هەیە لەمەڕ زیندەگی و مەرگ، گەردون و زەمەن، خوداو بڕوا، شەڕو ئاسودەیی کە دەکرێ ئەو بۆچونانە بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

"فەلسەفەی نوسەر" ناوزەدبکرێ. لەوانەیە نوسەر نەتوانێ بەزەقی و ڕاستەوخۆ شت بدرکێنێ، کەچی بەهۆی ڕەوتی زەمەنی ڕۆمانەکەو ڕەفتاری کەسایەتییەکانەوە هەستی پێ دەکەین))(سەراج: ٢٠٠٧، ٢٦).

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەوەی واقیعی سیاسی و مێژویی و کۆمەڵایەتی و لایەنی دەرونی تاک دەردەخات. هاوکات بەشێک لە سیحرو خەیاڵ و ئەندێشەی تێدایە، بەمەش ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی (ڕیالیزمی سیحری)یەوە. ((ڕیالیزمی سیحری پەیوەندی زۆرتری بەو دەقە ئەدەبییانەوە هەیە، کە لە ڕوانگەی تێکەڵکردن و بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی ئەفسانەو داب و نەریت و کلتوری نەتەوەیی دەبێتە ماکێکی سەرەکی لە بنیادی داهێنانی ئەدەبیدا))(حوسێن: ٢٠٠٧، ١٦٢). ئەمەش خاسیەتێکی هەرە دیاری ڕۆمانەکانی بەختیار عەلییە.

یەکێک لە خاسیەتە هەرە جیاکەرەوەکانی ڕۆمان لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، ((ئەوەیە کە ناوەڕۆکی ڕۆمان لە گۆشەنیگای بەربڵاوەوە دەڕوانێتە ژیان و دەوروبەرو بەشێوەیەکی نوێ ڕوداوەکانی دەگێڕیتەوە، ئەگەر چیرۆک تێڕوانینێکی تایبەتی هەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەو گەورەکردنی ناوەڕۆکێک، ئەوا ڕۆمان ڕۆڵێکی مێژویی هەیە لە بەرجەستەکردنی ڕوداوەکاندا، لە هەناسەیەکی درێژەوە وردو درشتی شتەکان شیدەکاتەوەو پەی بە لایەنە بینراو و نەبینراو و شاراوەکانیش دەبات و بەشێوەیەکی وردتر باس لە هەڵسوکەوتە مرۆییەکان دەکات و کێشەکان ڕونتر دەکاتەوە))(ڕەسوڵ: ١٩٩٧، ٥٠).

ئەگەر بمانەوێت لە ژانرێکی وەکو ڕۆماندا، قسە لەسەر لایەنی دەرونی کەسایەتییەکان بکەین، دەتوانین بڵێین بە جۆرێکی تر، خوێندنەوە بۆ لایەنی دەرونی نوسەر دەکەین، لەبەرئەوەی ((ڕەنگە لێکچونی گەورە لە نێوان کەسێتی ناو ڕۆمانەکەو خوڵقێنەرەکەیدا هەبێت، بەڵام ئەمە بە پلەی یەکەم لە ژیاننامەدا ڕودەدات، کە نوسەر لە پشت چەند ناوێکی ترەوە خۆی دەشارێتەوە. ئەمەش هەر بۆ شوێنەونی یان بۆ ئەوەی بڕێک لە بێلایەنی سەرزارەکی بدات بەوەی دەینوسێت))(مونیف: ٢٠٠٦، ٥٩)، چونکە ئەو کەسایەتییانە لە ژیانی واقیعیدا بونێکی فیزیکییان نییە، بەڵکو بەرهەمی بیرو خەیاڵ و تێڕوانین و داهێنانی نوسەرن. هەر یەکە لەو کەسایەتییانەش ڕۆڵ و کاریگەری و ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە نوسەر دیاریدەکات و هاوسەنگی دابەشکاری لە ڕۆڵپێدانی سەرجەم کارەکتەرەکان، لە نێویشیاندا ئەو کارەکتەرەی کە دەیکات بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو بیروبۆچونەی، کە خۆی هەیەتی بەدیدەهێنێت، ((چونکە زۆربەی کات ئەو پەیوەندییە هەیە، بەڵام بەوردی و وەستایانە دابەشکراوە، هەروەها زۆر بەنهێنیش، هۆکەشی ئەوەیە کە یەکەم: ڕۆماننوس دەیەوێت پەراوێزێکی فراوانی ئازادی بۆ کەسێتییەکانی جێبهێڵێت تا لە نێو مەرجە مرۆڤانەکەی خۆیاندا پێبگەن و ڕەفتاربکەن، دوەمیش: ڕۆماننوس پانتاییەکی وای هەیە کە تیایدا دەتوانێت لەمیانەی چەندین هەڵوێست و حاڵەتەوە کە خۆی بەگونجاوی دەزانێت، زۆر شت بڵێت، ئیتر ناچارنابێت وا لە کەسێتییەک یان تاقە حاڵەتێک بکات هەموی بەتەواوی بڵێت))(عەبدوڵلا: ٢٠٠٢، ٥٩). ئەگەر سەرنجێکی وردیش لە ڕوداو و ئایدیۆلۆژیای کەسێتییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەو باری دەرونی کارەکتەرەکان بدەین، بە تایبەتیش (ئەلیاس و دەریاس)، دەبینین بەختیار عەلی هەمان مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەیدا دەکات، دابەشکارییەکی ئایدیۆلۆژی ڕیشەیی لە نێوانیاندا بەرجەستەکردوە، لە کەسێتی (ئەلیاس)دا کەسێتییەکی شۆڕشگێڕانەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

هەرەمەكییانەی خولقاندوەو لە بەرانبەریشدا، لە كەسێتی (دەریاس)دا كەسێتییەكی رۆشنبیری خوێندەوار، كە بڕوای بە شۆڕش و چەك نییە و پێی وایە؛ شەڕ جگە لە بێهیوایی و كاولكاری وماڵوێرانی، هیچی دیكەی لێ بەرهەم نایات. ئەمەش گوزارشتكردنە لەو دابەشكارییە فیكرییەی بڕوابون بەشەڕ، كە لەسەردەمی شەڕی ناوخۆوە تاكو ئیستاش بەردەوامی هەیە، لە هزر و بیری بەرەی شەڕكاران و بەرەی دژە شەڕو شۆڕشكردن.

هەر لەم دیدگایەوە دەمانەوێت، شیكردنەوەیەكی دەرونی بۆ كەسێتی سەرەكی لە رۆمانی ("دەریاس و لاشەكان"ی بەختیار عەلی)دا بكەین و هەوڵدەدەین خوێندنەوە بۆ زۆرترین بارە دەرونییە جیاوازەكانی، وەك (ترس و دڵەڕاوكێ، تورەیی، خەم..)بكەین، كە پانتاییەكی فراوانی لای كەسێتییە سەرەكییەكان (دەریاس و ئەلیاس) لە رۆمانەكەدا داگیركردوە. تەنیا چەپاندن و حەزی سێكسی لە ڕۆمانەكەدا نابینرێت، كە پێمان وایە؛ هۆكاری خۆلادانی ڕۆماننوس لەم دو دیاردەیەی تیۆرەكەی فرۆید، دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵبونی كارەكتەرەكان بە مەسەلەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و شەڕەوە .

## تەوەری دوەم: شیكردنەوەی دەرونی كەسێتییە سەرەكییەكان لە ڕۆمانەكەدا

لەم ڕۆمانەدا دو كەسێتی ڕۆڵی سەرەكییان پێدراوە، هەریەكەیان خاوەن بیروبۆچون و تێڕامانی تایبەت بەخۆیەتی، سەبارەت بە چەمكی شۆرش و نواندنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان، بە جۆرێك (ئەلیاس) بڕوای تەواوی بە شۆڕشی چەكداری هەیە، بۆ بەگژداچونەوەی بەرانبەر و بە هەمو توانا و هێزی خۆیەوە، بەردەوامی بەو بڕوا بونەی خۆی دەدات، كەچی لە بەرانبەردا، (دەریاس) لە دەرئەنجامی پسپۆڕی و شارەزایی زۆری لە بارەی مێژوی جەنگەكانەوە، بەرانبەر بە خەبات و شۆڕش، دەستەوەستان دەمێنیتەوەو تەنیا ئەركی لە بەرانبەر جەنگ و شۆڕشدا، هەڵگرتنەوەو هێنانەوەی تەرمی قوربانییەكانە و هیچی تر. ئەم دو هەڵوێستە جیاوازەی ئەم دو كارەكتەرەی نێو ڕۆمانەكە، دوچاری چەندین باری دەرونییان دەكاتەوە، ئەم بارە دەرونییانەیان لەو گفتوگۆ و دەمەتەقێیانەیاندا زیاتر ڕوندەبێتەوە، كە گێڕەرەوەی ڕۆمان بۆی ڕەخساندون، تاكو هەر یەكەیان گوزارشت لەو دۆخەی خۆیان بكەن كە تێیكەوتون، ئەگەرچی بەشێكی زۆری گوزارشتكردن لە باری دەرونییان لەلایەن گێڕەرەوەی سەرەكی ڕۆمانەكەوە ئاشكرا دەكرێن، بەڵام لە هەندێك لە دیمەنەكانی ڕۆمانەكەدا، كاتێك كە جڵەوی گێڕانەوە دەخرێتە سەر زاری هەر یەكێك لەو دو كارەكتەرە، ئیدی بە ئەندازەی تێگەیشتنیان لە بارودۆخی شەڕ و شۆڕشكردن، لە ڕێگەی ئەم قسەو باسانەی لە بارەی هەڵوێست نواندنیان بۆ چەمكی شۆڕشگێڕیی لە بونیادی كەسێتی هەریەكەیان تێدەگەین، ئەگەرچی دو برای دوانەن، بەڵام گۆشە نیگاو تیروانینیان بۆ شۆڕشگێڕی جیاوازەو هیچ كامێكیان ناچنە ژێر باری تێڕوانین و بڕوای ئەوی دیكەیانەوە. هەر لەم گۆشەنیگایەی بیركردنەوەی هەریەكەیانەوەیە، دیاردە دەرونییەكانی وەك: (خەم، ڕەشبینی و بێ هێوایی، هەستی خۆبەكەمزانین، ترس و دڵەڕاوكێ، هەڵچون و تورەبون، نامۆبون) لە كەسێتی هەریەكەیاندا ڕەنگدەداتەوە، ئێمەش بە پشت بەستن بە نمونەی وەرگیراوی نێو ڕۆمانەكە، هەوڵدەدەین ڕاڤەی كەسیتی هەریەكە لەم دو كارەكتەرە سەرەكییە بكەین.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**١- خەم**: چەمکی خەم و خەمخواردن، چەمکێکی ئاشناو دیارە کە هەمو تاکێک کەم تازۆر دەیناسێ، چونکە لە بنچینەدا ((خەم هەڵچونێکی دەرونییە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هەست و سۆزو باری دەرونی مرۆڤ)) (محمد: ٢٠١٢، ٥٩)، بەجۆرێک زۆر جار خەم کار دەکاتە سەر ڕەفتار و گوفتاری تاک و دوچاری هەڵچونی دەکەنەوەو کاردانەوەی لا دروست دەکەن، تەنانەت هەندێکجار لە ڕوی ڕەفتار کردنەوە هەڵسوکەوتی دەگۆڕن، لە بارێکی ئاساییەوە بەرەو بارێکی نائاسایی دەیبەن، زۆرجاریش کاریگەریەکەی لەسەر ڕوخساری کەسەکان دیار دەکەوێت، وەک زەرد هەڵگەران و بیهێزی و بێداری و تێکچونی خەو و خۆ دورەپەڕێزگرتن. بۆیە دەکرێت بڵێین: خەم بازنەیەکە هیچ کەسێک ناتوانێت بە تەواوی لێی بێتە دەرەوە، بەڵکو کەم و زۆر لە نێو ئەو بازنەیەدا دەخولێتەوە. هەمو مرۆڤێک توشی کارەسات و خەم دەبێت، هەندێک ئارامگرو بەهێزن و هەندێکیش بە خەم و ناخۆشی دەڕوخێن و وێران دەبن. ئەگەر خەم لە ڕادەبەدەر بو، زۆرجار سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی خەمۆکی. ((لای هەندێک کەس خەمۆکی فۆڕمی هەستێکی زۆر توندی گلەیی و گازندەو خۆسەرزەنشت کردن لەخۆدەگرێت، لای هەندێکی تر تێکەڵ بە ئازاری جەستەیی و نەخۆشییە جەستەییەکان دەبێت، بەشێوەیەک کە ناتوانێت لە یەکترییان جیابکاتەوە))(ڕەشید: ٢٠١٦، ١٥٢). کاتێک قسە لەسەر خەم دەکەین، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا، دەبینین ئەو خەمەی کە کەسایەتییە سەرەکییەکان هەڵیان گرتوە، خەمی گشتی کۆمەڵ و نەتەوەو نیشتمانن، بەشێکی تریشیان خەم و هاوسۆزی خودی کەسایەتییەکانن بۆ ڕوداو پێشهاتەکانی نێو ڕۆمانەکە. بۆ نمونە لە کاتی کوشتنی (ژەنڕاڵ بیلال)دا، دەریاس دەیەوێت ئەلیاسی برای ببینێت، گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی خەمی کەسایەتییەکەمان بۆ دەکات: **((لەبەر زۆریی گریە چاوانی ئاوسا بون و ئاسان بۆی هەڵنەدەهاتن، وەها شێوا بو هەر کەس دەیبینی دەیزانی غەم دەستی خراپی لێوەشاندوە))** (عەلی: ٢٠١٩، ٨٢). دیارە مرۆڤ لە کاتی لە دەستدانی ئازیزانی، توشی خەم و ئازاری ڕۆحی و دەرونی دەبێت و لە ناخەوە هەست بە ڕوخان دەکات، ئەم بارەش لە ڕەنگ و شێوەو ڕوخساردا ڕەنگ دەداتەوەو بە فرمێسک گوزارشت لە ئازارو خەمەکانی ناخی دەکات.

هەروەها لەو کاتەی (ستارەخان) دایکی (دەریاس و ئەلیاس)، کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەن، بارودۆخی تەندروستی بە تەواوی تێکدەچێت و دەریاس دەیبات بۆ نەخۆشخانە، توشی بارێکی گرانی خەم دەبێت. **((دەریاس بە دڵگرانییەکی زۆرەوە گوتی" شتێکی ئاسایی نییە، خەستەخانەیەک تەواو چۆڵ بێت...لە دوێنێ شەوەوە ئێرە کەسێکی لێ نییە))**(عەلی: ٢٠١٩، ٨٩) دوای ئەوەی هەمو دانیشتوانی شار دەچن بۆ ماڵئاوایی لە تەرمی (ژەنڕاڵ بیلال)، هیچ کارمەندو پزیشکێک لە نەخۆشخانەکە نامێنێن، ئەمەش خەمێکی گەورە دروستدەکات، بۆ دەریاس و هەمو ئەوانەی، کە لە نەخۆشخانەکەدا بون، هەر بەو هۆیەشەوە دایکی ئەوان و چەندین نەخۆشی تر گیانیان لە دەست دەدەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٢- ڕەشبینی و بێ هیوایی:** ڕەشبینی و بێ هیوایی دیاردەیەکی دەرونییە، لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا، ڕوبە ڕوی مرۆڤ دەبێتەوە و پەیوەندی بە تێڕامان و دونیابینیی مرۆڤەوە هەیە، بەرانبەر ژیان و چەمکە جیاوازەکانی ژیان بەگشتی بە تایبەتی لەو چرکەساتانەدا، کە مرۆڤ لە یەک گۆشەنیگاوە لە ژیان دەڕوانێت و هەست بە بەدیهاتنی خواست و ئاواتەکانی ناکات، لەبەردەم هاتنەدی ئاواتەکانیدا هەست بە دەستەوەستانی خۆی دەکات، هەر بۆیە مرۆڤی ڕەشبین ئەو کەسەیە، کە ڕوناکی لە نێو ژیانیدا بەدی ناکات و تێڕوانینەکانی بۆ ژیان زۆر نەرێنییەو هیچ باوەڕی بەداهاتو نییە. ڕەشبینی ڕوانینێکی نەرێنیانەیە بۆ ژیان لە دیدو هەستی ڕەشبینەوە، کە خەمۆکی و بێ هیوایی و دڵتەنگی زاڵ دەبێت بەسەریدا. بۆیە ڕوانینی ڕەشبینانە بۆ ئایندە لە بازنەی تاریکی و بێ هیواییدا دەخولێتەوە. لە فەرهەنگی دەرونیدا هاتوە ((ڕەشبینی بریتییە لە کێشەی هزری، ئەویش بەوەی لایەنی خراپی هەمو شتێک وەردەگرێت، جگە لەو باسی هیچی تر ناکات))(سلێمان: ٢٠١١، ١٥٠). ڕەشبینی و بێهیوایی هەندێک جار، مرۆڤ تێکدەشکێنێت و هیواکانی لێژدەکاتەوە بەرەو هەڵدێر. دەشێت لە یەک کاتدا، تاک هەڵگری سیماو خەسڵەت و ڕوانینی گەشبینانەو ڕەشبینانەش بێت. ئاساییە مرۆڤ بۆ هەندێک بارودۆخ و ڕوداو گەشبین بێت و بۆ هەندێکی تر ڕەشبین. یاخود زۆر جار کەسێک چەندین جار هەوڵی بەدەست هێنانی ئامانجێک دەدات، بەڵام شکست دەهێنێت، ئەمەش توشی بێ هیوایی دەکات. ئەمانە حاڵەتی ئاساییین، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە هۆی نەخۆشی دەرونی و ژیانی تاک وێران دەکات، ئەوەیە کە کەسەکە بەردەوام ڕەشبینانە بیردەکاتەوەو هیچ تروسکاییەکی هیوا بەدیناکات. لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)دا ڕەشبینی و بێ هیوایی، بەشێکی زۆری ڕەهەندی دەرونی کەسێتییە سەرەکییەکانی داگیرکردوە. بەشێکی ئەم بارە دەرونییە بە هۆی دیالۆگی نێوان کەسێتییەکانەوە هەستی پێ دەکرێت و بەشێکیشی بە هۆی وەسفی گێڕەرەوەوە دەبینرێت. بۆ نمونە کاتێک (دەریاس) دەچێت بۆ لای(ئەرشەد ساحیب)، بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر (ژەنڕاڵ) و تارماییەکەی وەربگرێت، زۆر بێ هیوا دەبێت لە ڕوداوەکان و گێڕەرەوە بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **((دەریاس دەنگی پڕ بو لە نائومێدی و بێ دەسەڵاتی، هاواری کرد "یەعنی چی؟ کەواتە تۆ بکوژەکەی ژەنڕاڵ دەناسیت. ئەو کەسە دەناسیت کە تەقەی لێکردوە. بەڵام گەر ژەنڕاڵ مردوە، کێ ئەم کتێبەی بۆ من داناوە...کێ؟ "))**(عەلی: ٢٠١٩، ١٢٨) خودی ڕوداوەکان، کەسایەتی دەریاس توشی بێ هیوایی و ڕەشبینی دەکەن، چونکە ڕوداوی کوشتنی(ژەنڕاڵ) ڕون نییە، ئەمەش گرێی ڕۆمانەکەیە، کە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت. لە کۆتایی روداوەکاندا پاش ئەوەی هەمو شتێک بۆ دەریاس ئاشکرا دەبێت، دیسان زۆر ڕەشبین و بێهیوایە، بەرامبەر ئەو مرۆڤانەی کە بێ ویست و ئاگاداری خۆی فریویان داوە: **((کە لە ژورەکەی ئەرشەد ساحیب چوە دەرێ، هەستێکی تاریکی تێدا بو کە هەر خودی ژیان پیلانێکەو لە مرۆڤ دەکرێت، ئەویش کەوتوتە ناو تاریکترین گرێی ئەو پیلانەوە))**(عەلی: ٢٠١٩، ٢٣٧). ڕەنگدانەوەی ئەم بارودۆخە دەرونییە، بە زۆری لای کەسێتی دەریاس ڕەنگدەداتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە جیاوازی دیدو تێڕوانی هەردو براکەوە، بۆ چەمکی شۆڕش و ڕۆشنبیری و کایە جیاوازەکانی تری ژیان، ئەگەرچی مەرج نییە حەقیقەت لە بۆچونی هیچ کامێکیاندا واتە 'گەشبینی لای ئەلیاس' و ' ڕەشبینی لای دەریاس' بونی هەبێت سەبارەت بە چەمکی شۆڕش و کایە جیاوازەکانی ژیان، چونکە چ مرۆڤی گەشبین و چ مرۆڤی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ڕەشبین پاساوی ئامادەیان پێیە بۆ گەشبینی و ڕەشبینیی خۆیان، ئەگەرچی لە باری دەرونزانییەوە نالۆژیکی لە بونی هەردوکیاندا بونی هەیە، چونکە ((گەشبینی و ڕەشبینیش خەسڵەتەکانیان هەر چۆن بێ و چەندیش لێک جیاوازبن، بەڵام هەر هەمان سەرچاوەیان هەیە، هۆیەکەیان ئاکامی کەمییە لە لۆژیکدا. مرۆڤی ڕەشبین دەکەوێتە هەڵەیەکی مێژوییەوە، وا دادەنێت ئەوەی ئێستا هەیە و ڕودەدات هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ و پاساوی زیرەکانەشی بۆ دەهێنێتەوە. گەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای مەسەلەکەمان کرد دیسان دەبینین گەشبینیش هەر لە هەڵەدایە، چونکە هەقیقەتەکان لە دیدی خۆیەوە دەبینێت و بەردەوام دەڵێت: مەسەلەکان هەمیشە لەمە باشتر دەبن و هەر بەو جۆرەش دەمێننەوە. تەسەوڕەکانی گەشبین وەک تەسەوڕەکانی هاوڕێ ڕەشبینەکەی هەر گوزارشت لە هەڵەو نەنگی دەکات. وەلێ گەشبین بە تاوانەکەی شادومانە، ئەوە ڕوی جیاوازی نێوانیانە))(البزاز: ٢٠٠٧، ١٤٩). لەم ڕۆمانەشدا تێڕوانین و جیهانبینیی ئەلیاس وەک "شۆڕشگێڕێکی گەشبین و دەریاس وەک مێژوناسێکی پسپۆڕی جەنگیی- ڕەشبین" هەمان نالۆژیکییە لە بیرکردنەوەیاندا، ئەوەتا لە دیالۆگێکی نێوانیاندا زیاتر هەست بە جیاوازی تێڕوانینەکانیان دەکەین:

**((ئەلیاس- من؟ من نا؟ من تەنیا نیم. شتێک نییە لە شۆڕشدا ناوی من بێت، ئەوەی هەیە ئێمەین، خەڵکانی بە بیروڕا، خەڵکانی مەست، شۆڕشگێڕانێک کە لە مردن سڵ ناکەنەوە. ئێمە لەو نیگارکێشە دەچین کە تابلۆکە دەکێشێت....**

**دەریاس- هەست ناکەیت تابلۆیەکی سامناکە؟ ئەوەی من دەیبینم هەندێ جار هەمو گیانم دەهێنێتە لەرزە...ئەوەی من دەیبینم، بینین بەرگەی ناگرێت**

**ئەلیاس- نازانم تابلۆیەکی چۆنە؟...بەڵام دەزانم پێش زیندوەکان بکەویت بۆ جەنگ باشترە لەوەی دوای مردوەکان بکەویت بۆ ناو گۆڕ. حاڵی دەریاس باش نەبو، هەمو گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەلیاسدا نائومێد تری دەکرد))**(عەلی: ٢٠١٩، ١٢٤)

لێرەدا هەست بە جیاوازی تروانین و باری دەرونی نێوان دو براکە دەکەین. ئەلیاس یەکێکە لە سەرکردەی شۆڕشگێران، پێویستە خاوەن ئیرادەو هیمەت بەرزبێت، کوشتن و جەنگ بەلایەوە ئاساییە، بەڵام دەریاس کە لەگەڵ هەندێک خەڵکی تردا خویگرتوە بەکۆکردنەوەی تەرمی قوربانییەکانی جەنگ، زۆر نیگەران و بێهیوایە لەو دۆخەی دروست بوە. دەریاس خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەیە بۆ ئایندەی ئەو جەنگە، چونکە پسپۆڕی بواری مێژوەو سەدان کتێبی لەبارەی مێژوی جیهان و جەنگەکانەوە خوێندوەتەوە، باوەڕی وایە ئەو جەنگە بە ئاسانی کۆتایی نایات و کارەساتی زیاتری بە دوادا دێت. هەر ئەمەشە توشی ڕەشبینی و بێهیوایی کردوە. واتە ئەو مەترسییەی ئەو هەستی پێدەکات، خەڵکانی ئاسایی هەستی پێناکەن. بەمەش دەریاس کەوتوەتە بارێکی دەرونی ئاڵۆزەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٣- هەستی خۆبەکەمزانین:** ئەگەرچی هەستی خۆبەکەمزانین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بنەماکانی تیۆری دەرونشیکاری فرۆیدەوە نییە، وەک کاردانەوەیەک لە لایەن (ئەدلەر)ەوە سەبارەت بە چەمکی بنەڕەتی داهێنان خراوەتەڕو، بەڵام لە کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەتی لە کەسێتی دەریاسدا. هەستی خۆبەکەمزانین لە بنەڕەتدا یەکێکە لەو دیاردە دەرونییانەی کە ڕۆڵی هەیە، لە شیکردنەوەی باری دەرونی کەسێتی مرۆڤدا. (بیرمەندی دیاری دەرونزانی ئەدۆلف ئەدلەر بە داهێنەری دیاردەی هەستی خۆبەکەمزانین دادەنرێت، ئەو وایدەبینی کە هەستی خۆبەکەمزانین، لە بنەڕەتدا بریتییە لە هەستکردن بەبێ توانایی نەبونی ئارامی دەرونی، کە بەهۆی کەموکوڕی جەستەیی یان دەرونی یان ژیرییەوە لای تاک دروست دەبێت، لەخۆ بەراوردکردندا بە کەسانی دیکە)(الشیخ: (www.alarabiya.net/politics/2020/12/14

هەستی خۆبەکەمزانین، دیاردەیەکی دەرونییە، کە لە ئەنجامی ڕوداوێکی دڵتەزێن، یاخود چەند هۆکارێکی تر لای تاک دروست دەبێت. بەشێک لەو هۆکارانە، پەیوەستن بە ژینگەی خێزانی و چۆنێتی ڕەفتار کردن لەگەڵ منداڵدا، لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا. ((خۆبەکەمزانین هەندێ کات دروست دەبێت، کە مرۆڤ هەوڵ دەدات لاسایی کەسێک بکاتەوە، یان بگات بە کەسێک لە ئاستی زانیاری، یان لە شتێکی دیکەدا بێت))(عیسا: ٢٠١٣، ٩٢). واتە هەستی خۆبەکەمزانین کاتێک دروست دەبێت، تاکێک هەست بەوە بکات، کە بەهرەیەک لە مرۆڤێکی تردا هەیەو لە ئەودا نییە. لەم کاتەدا هەست بە کەمی خۆی دەکات. زۆرینەی ئەو کەسانەی کە کەم ئەندامن هەستی خۆبەکەمزانین تیاندا زاڵە. بەپێی بیرو بۆچونی (ئەدلەر) هەر ئەم هەستی خۆبەکەمزانینەیە وایان لێ دەکات، کە ببن بە مرۆڤێکی داهێنەر. ((ئەدلەر هەمو پاڵنەرەکان لە یەک پاڵنەری سەرەکیدا کۆ دەکاتەوە، ئەویش پاڵنەری "هەستکردن بەکەمییە. جا ئەو هەستکردن بەکەمییە جەستەیی بێت یان ناوەکی...بە هۆکارێکی سەرەکی سەرچاوەی بلیمەتی دادەنرێت))(سیوف: ١٩٥٩، ١٢٥). لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەداو لە چەندین شوێنی جیاوازدا، هەستی خۆبەکەمزانین لای کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش بە هۆی ڕوداو بارودۆخە جیاوازەکانی نێو ڕۆمانەکەوەیە، کە کاریگەری دەرونی لەسەر کەسایەتییەکان دروست دەکات و هەستی خۆبەکەمزانینیان لا بەرجەستە دەکات. بۆ نمونە کاتێک تارمایی(ژەنراڵ بیلال)، کە لە ڕاستیدا برا (جومگ) و هاوشێوەکەی ژەنراڵە، خۆی نیشانی (دەریاس) دەدات و داوای یارمەتی لێدەکات. ئەمە هەستی خۆبەکەمزانین لای دەریاس دروست دەکات و لە مەنەلۆگێکدا بە خۆی دەڵێت: **((ژەنراڵ بۆ پێویستی بەکەسێکی وەک منە؟ ئەو خەڵکێکی زۆری دڵبەستەی خۆی کردوە، دەبێت چ کارێکی بە لاکەوتەو نەشارەزایەکی وەک من بێت؟))**(عەلی: ٢٠١٩، ٩٥). لێرەدا (دەریاس) هەست بەکەمی و لاوازی خۆی دەکات، بەرامبەر بە داواکەی (ژەنراڵ)، دیارە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە دەریاس کەسێکی گۆشەگیرەو نامۆیە بە ژیانی کۆمەڵایەتی شارەکە. هەروەها لە چەندین شوێنی تردا هەستی خۆبەکەمزانین لای کەسێتییە سەرەکییەکان دەبینرێت. بەشێکی لە ڕێگەی دیالۆگ و مەنەلۆگەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەستی پێ دەکرێت، هەندێک جاریش لە ڕێگای گێڕەرەوەوە، کاتێک کە وەسفی ناوەوەی کەسێتییەکان دەکات، ئەو هەستەمان بۆ دەردەخات. بۆ نمونە هەر سەبارەت بە دەریاس، کاتێک چەند دێڕێک لە پەڕاوی یادەوەرییەکانی تۆمار دەکات،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ناوەوەی دەکات و لە بارەیەوە دەڵێت. **((دو دڵ لە قسەکانی خۆی، توند، وەک ڕقێکی قوڵی بەرامبەر خۆی هەبێت ڕستەکانی کوژاندەوە. ئەوەی خۆی لاوازو پەککەوتە دەبینی، وایدەکرد نرخ بۆ هیچ بۆچونێکی خۆی دانەنێت))**(عەلی: ٢٠١٩، ١٠٦). لێرەدا گێڕەوە، گێڕەرەوەی هەمو شتزانە، لە ڕێگای وەسفەوە بارودۆخە ناوەکییەکانی کەسێتی (دەریاس) دەردەخات، کە تا چ ئەندازەیەک هەست بەبێ نرخی و خۆبەکەمزانین دەکات، ئەمەش بە هۆی ئەو بارو دۆخەوەیە، کە لە ئەنجامی گرێچنی ڕوداوەکانەوە ڕوبەڕوی بوەتەوە.

**٤- ترس و دڵەڕاوکێ:** ترس و دڵەڕاوکێ هەڵچونێکی دەرونییە، ئاماژەیە بۆ هەستکردن بەترسێکی گشتگیر، یاخود بۆ مەترسییەک کە ڕەنگە ڕوبدات، یان هەڕەشەو ترسێک کە سەرچاوەکەی نادیارە، هاوکات هەستکردن بەگرژی و فشاری دەرونی. زۆرجاریش ئەم ترسە پەیوەستە بە دوارۆژو ئایندەیەکی نادیارەوە. ((دڵەڕاوکێی دەرونی. جۆرێکە لە دڵەڕاوکێی بەردەوام و لە زەیینماندا بونی هەیە، چونکە ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە بە هیچ شتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە)) (الحفنی: ٢٠٠٣، ٤٩٤). ئەو کەسەی توشی دڵەڕاوکی دەبێت بەردەوام، هەست بە دڵتەنگی و خەم و نیگەرانی و ترس دەکات. دەکرێت بڵێین لە هەندێک کاتدا ترس و دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی دەرونی ئاساییە، وەکو(ڕۆژی تاقیکردنەوە، چاوپێکەتنی کار، قسەکردن لە کۆبونەوەیەکی فەرمیدا)، بەڵام ئەگەر لەوە زیاتربو، واتە لە ڕادەی ئاسایی خۆی تێپەڕی، ئەوە دەبێت بە نەخۆشی و پێویستە چارەسەر بکرێت. سەبارەت بە هەستی ترس و دڵەڕاوکێ، لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەداو لە کاتی گرێچنی ڕوداوەکاندا، ئەم هەستە لای کەسێتییە سەرەکییەکان بەرجەستە بوە. بۆ نمونە گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی کەسێتی (ئەلیاس) دەکات: **((ئەلیاس هەندێک جار لە ناخیدا ترسێک و دو دڵییەکی کتوپڕ دایدەگرت و دەچو لە مزگەوتەکەدا نوێژێکی دەکرد....زۆر جار نەیدەزانی ئایا لەبەر ئەوەی لە خودا دەترسێت یان هەست بە بەتاڵی دەکات دەچێتە سەر بەرماڵ، بەڵام هەستێکی بەهێزی هەبو کە پێویستی بە خودایە))**(عەلی: ٢٠١٩، ١٩). لێرەدا هەست بەو دو دڵی و هاوکات ترسەش دەکەین، کە لە ناخی کەسێتی (ئەلیاس)دا هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە کەسێتی ناوبراوەوە، کە زۆرجار بە هۆی ڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکانەوە دەکەوێتە ئەو دۆخەوە.

دەنگی گێڕەرەوە پانتاییەکی فروانی لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردوە، بۆیە زۆربەی بارودۆخە دەرونییەکانی کەسێتییەکان، بە هۆی گێڕەرەوەوە بەیان دەکرێت. لە وەسفی کەسێتی (دەریاس)دا، کاتێک لە ئێوارەیەکی درەنگدا، دەچێت بۆ ئەرشیفەکە، بەم شێوەیە باری دەرونی کەسێتییەکەمان پیشان دەدات: **((ئەو ئێوارەیە بە هەنگاوی کورت و ڕاڕا چو بۆ ئەرشیفەکە. دەرگاکەی کردەوەو چوە سەر مێزەکەی خۆی. دەفتەری تێبینییەکانی دەرهێناو هەندێ ڕستەی کورت و خێرای نوسی.))**(عەلی: ٢٠١٩، ٤٧) ئەوەی گێڕەرەوە پیشانی دەدات، وێنەی کەسێکی دودڵ و بێ ئۆقرەیە، کە نازانێت چی دەوێت و چی دەکات؟! ئەم دۆخەش بە هۆی نامۆیی و گۆشەگیریی و تێکەڵاونەبونی بە ژیانی کۆمەڵایەتی شارەکە هاتوەتە ئاراوە. ئەمەش جارێکی دیکە دەمانباتەوە بۆ لای بۆچونەکانی فرۆید لەبارەی نیگەرانی و نامۆبون، چونکە بە بڕوای فرۆید ((چەمکی نیگەرانی فاکتەرێکی کارایە سەبارەت بە خولقاندنی بازنەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

گەردەلولی بێهودەیی و نامۆبون، چونکە پلەی نیگەرانی مرۆڤەکان چەند تەشەنەو بلێسە بسێنێ ئەوەندە ڕوەو بازنەکانی نامۆبون دەبێتەوە. نیگەرانی و ڕاڕایی لە دیدگای فرۆیدەوە لە ئەنجامی ترسی کردەی چەپاندنەوە "الكبت" سەرچاوە دەگرێ و دەتەقێتەوە. دەست دەکات بە نەشونماکردنی میکانیزمی و بەرەو بازنەی "نامۆبونی خود هەنگاو دەنێت))(پیرداود: ٢٠١٠, ٥٨). هەر سەبارەت بە کەسێتی (دەریاس)، گێڕەرەوە زانیاری زیاترمان پێ دەڵێت: **((خۆشی لە ناوەوە دو دڵ بو، شتێک پارچە پارچەیدەکرد، بە جۆرێک خاڵی و بێ ئامانج بو لەوە دەترسا بیر لە خۆی بکاتەوە، خەڵکی کە ڕەفتاریان دەبینی لەسەر شەقامەکان ئاسایی و سادە نەدەهاتە بەرچاویان. ڕۆیشتنی پڕ بو لە دو دڵی، زۆر جار دەیانبینی دو سێ جار ڕو لە جێگایەک دەکات و دەگەڕێتەوە. زۆربەی کات بە تەنیا بو))**(عەلی: ٢٠١٩، ٥٣). دیارە ئەم ڕەفتارانەی (دەریاس) پەیوەستە بەباری دەرونییەوە، بەتایبەتی هەست کردن بە ترس و دو دڵی، بە جۆرێک کە نایەوێت بیر لە خودی خۆشی بکاتەوە، هەمیشە بەدگومانە بەرامبەر بە ڕوداو و کەسێتییەکانی دەوروبەری، چونکە ئەو خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەیە بۆ ئەو ڕوداوانەی، کە نزیکە ڕو بدەن. لەوانەش بەرپابونی شۆڕش.

لە ڕۆمانەکەدا ترس بەشێکی زۆری دەرونی کەسێتییە سەرەکییەکانی داگیرکردوە، بە تایبەتی کەسێتی (دەریاس)، ئەم حاڵەتەش پەیوەستە، بە هەست ناسکی دەریاسەوە، هاوکات ئەو ژینگەیەی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لێی ماوەتەوەو خوێندویەتی، کە ژینگەیەکی ئارام بوەو هەستی بە ئاسودەیی کردوە، بەڵام لە ژینگەی نیشتماندا کە ڕۆژانە خەڵکانێک لە پێناوی بەرژەوەندی بنەماڵە و حیزب و عەشیرەت، دەبن بە قوربانی و دەریاسیش پیشەی بوە، بە هەڵگرتنەوەی تەرمی قوربانییەکان، بێگومان هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات. ئەم ترسە بەشێکی زۆری لە زاری گێڕەرەوەوە پیشان دەدرێت، بۆ نمونە کاتێک دەریاس لە ئەرشیفەکەدایەو بۆ یەکەم جار(ژەنراڵ) دەبینێت، زۆر هەست بە ترس دەکات: **((وەک تارماییەکی بێ وادەو بێ پرسیار ژەنراڵ لە بەردەمیدا قوتبوەوە، دەرکەوتنی ژەنراڵ هێند کتوپڕ بو، خەریکبو لە ترسدا بقیژێنێت. بە هیچ جۆرێک نە گوێی لە دەنگی کلیلەکەی ژەنراڵ بو، نە گوێی لە دەنگی پێی بو، نە هیچ سرتەو ورتەیەکی تری لێوەهاتبو، بەڵام لەویادا بو، لە بەردەمیدا،.... هەمو گیانی دەلەرزی، دەرکەوتنی ژەنراڵ وەک دەرکەوتنی تارماییەک بو))**(عەلی: ٢٠١٩، ٦١). ئەم دۆخە دەرونییەی (دەریاس)، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە پێشتر هەواڵی هەبو، لەو کات و ساتەدا (ژەنراڵ) لە کۆبونەوەیەکی گرنگ و چارەنوس سازدا بەشداردەبێت، کەچی ئێستا لە بەردەمی (دەریاس)دایە. ناوبراویش بە جۆرێک دەترسێت وەکو گێڕەرەوە وەسفی دەکات، خەریکە هاوار بکات و بقیژێنێت. گێڕەرەوە هاتنی (ژەنراڵ) وەک تارماییەک وەسف دەکات، چونکە بە بێ هیچ دەنگ و ورتەیەک دێتە بەردەمی دەریاس، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی ترسێکی زۆر لای کەسێتی سەرەکی، لەبەرئەوەی تارماییش هەمیشە جێگای گومانە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

**٥- هەڵچون و توڕەبون:** هەڵچون و توڕەبون یەكێكی ترە لە دیاردە دەرونییەكان. تاك لە كاتی توڕەبون و هەڵچوندا، دەكەوێتە حاڵەتێكی دەرونی و جەستەیی نائاساییەوە. ((هەڵچون حاڵەتێكی ویژدانی بەهێزی كتوپڕی لە ناكاوەو ڕەنگدانەوەی لەسەر كۆ ئەندامی جەستەیی و دەرونی تاك دەبێت و كۆمەڵێك نیشانەو دیاردە لە تەك خۆی دادەهێنێ باری هەڵچونی مرۆڤی پێ دیاری دەكرێت)) (قەرەچەتانی: ٢٠٠٩، ١١٤). واتە هەڵچون ڕەنگدانەوەی باری دەرونی مرۆڤەو هیچ توڕەبون و هەڵچونێكیش بێ هۆكار سەرهەڵنادات، بەڵكو هەمو توڕەبون و هەڵچونێك لە ئەنجامی پاڵنەرێكی دەرەكییەوە دروست دەبێت. پاشان كاردانەوە دەرونییەكانی لەسەر ڕەفتاری تاك دەردەكەوێت. تێڕوانینی جیاوازی هەردو كارەكتەری سەرەكی نێو ڕۆمانەكە، بۆ چەمكی شۆرشكردن و شێوازی هەڵگیرساندن و بەرپاكردنی شۆڕش، هۆكارێكی دیاری هەڵچونی ئەلیاسە و بە پێچەوانەشەوە لە بەرانبەردا بێهیوایی بێ ئومێدی دەریاسە. لەم ڕۆمانەدا دو جۆر تێڕوانین لە بارەی شۆرشەوە بەدی دەكرێت. ئەلیاس بە قوڵی بڕوای بەشۆڕش و توندوتیژی هەیە، پێی وایە مێژونوسین كارێكی بێ بایەخ و پوچە. مێژو دەبێت دروست بكرێت، بەڵام دەریاسی برای شۆرش بە پوچ پیشان دەدات. دەریاس وای دەبینێ، شۆرش لە شوێنێكی وەك ئەم وڵاتەدا، تەنیا ڕاپەڕینی ئاژەڵەكەی ناومانە، نەوەك گۆڕینی ڕەوتی مێژو، شۆڕش كردن بۆ لابردنی دەسەڵاتی سیاسی، هیچ لە مانا ڕاستەقینەكان ناگۆڕێت، چونكە دوای شۆڕش هەمان شێوازی پیشو دوبارە دەبێتەوە. ئەوەی گرنگە بریتییە لە شۆرشكردنێكی ئەخلاقی، چونكە لەم وڵاتەدا ئەخلاق لە قەیران و نەبوندایە .

هەر بۆیە لەم ڕۆمانەدا توڕەیی و هەڵچون، بونەتە ماكێكی دیار و ئاڵانگارییەكان سەقامگیری دەرونییان نەهێشتوە، ئەمەش پەیوەستە بە ناوەڕۆكی ڕۆمانەكەوە، هەر وەكو پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، هەڵگری شوناسێكی سیاسییە. هەروەها لە كاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا، خوێنەر هەست بەوە دەكات، كە زۆرترین حاڵەتی توڕەبون و هەڵچون، لای ئەلیاس بەرجەستە بوە، ئەمەش پەیوەستە بە سروشتی ژیانی ئەلیاس و بیروباوەڕی ئەلیاسەوە، كە باوەڕی بە شۆڕش هەیەو دواجار دەبێت بە یەكێك لە شۆڕشگێڕان. بۆ نمونە كاتێك (دەریاس و ئەلیاس) لەسەر بابەتی هەڵگیرساندنی شۆڕش گفتوگۆ دەكەن و ناگەن بە هیچ ئەنجامێك، گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی توڕەبونەكەی ئەلیاس دەكات و لە ڕێگەی دیالۆگێكەوە باری دەرونی ئەو كارەكتەرەمان پیشان دەدات: **((ئەلیاس بەو قسانە زۆر هەڵچو، بە توڕەییەوە دەستی دا بە مێزەكەداو بە دەنگێكی بەرز گوتی" لەبەرئەوەی گەر ژەنراڵ شۆڕش نەكات، كەس ناتوانێت شۆڕش بكات. هەمو هیواكانمان لەسەر ئەوە بتوانێت شۆڕش بكات...گەر ئەو شۆڕش ڕانەگەێنێت، هیچ شتێك ناكرێت"))**(عەلی: ٢٠١٩، ٣٤). لێرەدا هەست بە باری دەرونی كەسێتی (ئەلیاس) دەكەین، كە توڕەبوەو هەڵچوە. ئەمەش لە ڕەفتاریدا ڕەنگدەداتەوە وەكو(دەست كێشان بە مێزەكەدا، دەنگ بەرز كردنەوە). سەبارەت بە كەسێتی دەریاس، كە كەسێكی ئەكادیمییەو لە دەرەوەی وڵات دكتۆرای لە مێژودا خوێندوە، كەمتر هەست بە توڕەبون و هەڵچونەكانی دەكرێت. بەو واتایەش نییە كە هەر توڕەنابێت، چونكە توڕەبون و هەڵچون پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤایەتییەوەو ناكرێت كەسێك هەبێت، كە هەرگیز توڕەنەبێت. كاتێك دەریاس نهێنی تارمایی (ژەنراڵ بیلال) دەزانێت زۆر نیگەران و توڕەدەبێت، چونكە هەست دەكات بە بێ ئاگاداری خۆی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەکارهێنراوە. ئەم دۆخەش لە زاری گێڕەرەوەوە پیشان دەدرێت: **((ئەو شەوە لە هەمو شەوەکانی ژیانی ناشیرینتر بو. کە چوە ناو جێگاکەیەوە بخەوێت دونیا هێشتا تاریک بو، جگە لە سەرئێشەیەکی توندو توڕەییەکی قوڵ هەستی بە هیچی تر نەکرد))**(عەلی: ٢٠١٩، ٢٣٨). ئەم توڕەبونە، توڕەبونێکی ناوەکییە لە خودو دەوروبەریش، چونکە کەسێتییەکە فریو دراوە. بەبێ ئەوەی دەری ببڕێت یاخود گۆڕان لە ڕەفتاریدا ڕوبدات، وەکو ئەوەی دەنگ بەرزبکاتەوە، یان شتێک بشکێنێت، یان هاوار بکات. واتە توڕەبونێکی تەواو ناوەکییە.

**٦- نامۆیی:** نامۆبون وەک دیاردەیەکی سایکۆلۆژی، لە نێو تیۆرە زانستییەکانی دەرونناسیدا وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی سایکۆلۆژی لەوانە: خەمۆکی، نائارامی، شەرم، ترس...هتد. جێگەی بایەخی بیرمەندانی بواری سایکۆلۆژی بوە. لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، ڕوبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە. دەکرێت بڵێین: ئەم دیاردەیە لای هەمو تاکێک لە کات و شوێنی جیاوازدا کەم تا زۆر بەرچاودەکەوێت و هەستکردنی تاکە بە دروست بونی ململانێ، لە نێوان خودو کۆمەڵەکەیدا، وای لێدەکات هەستی ئەندام بونی خۆی لەو کۆمەڵەیەدا ون بکات، هەر لەو ڕوانگەیەوە ((فرۆید ڕوئیای خۆی لەمەڕ نیگەرانی و نامۆبونی مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندان کۆتی ئایینی، دابونەریت، یاسا و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵایەتی. ئەم بازنە و کۆتانە وا لە مرۆڤ دەکات گۆشەگیربێت و بەرەو بازنەی نامۆبون هەڵکشێت. بۆیە نامۆبون حاڵەتێکی لەخۆوە نییە؛ بەڵکو دەشێ مرۆڤ بەهۆی فاکتەرێک یان چەند فاکتەرێکەوە دوچاری بێتەوە جا ئەم فاکتەرە دەشێ فاکتەری کۆمەڵایەتی، نەریتی، ئایینی، ئابوری...هتد بێت))(ابراهیم، غەریب: ٢٠١٦، ٥٨ ) واتە نامۆبون لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک تاک ئەندام نەبونی خۆی لە کات و شوێنێک لا گەڵاڵە دەبێت، ئیدی ئەم تێڕاونینە وای لێدەکات، کە خۆی دور بگرێت لە کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی. ((نامۆیی بریتییە لە حاڵەتێکی سایکۆکۆمەڵایەتی، کە بە شێوەیەکی تەواو زاڵ دەبێت بەسەر تاکداو نامۆی دەکات و دوری دەخاتەوە لە هەندێ لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی)) (محەمەد: ٢٠٠١، ٩) واتە تاک توشی ترازان و جیابونەوە دەکات، لە هەمو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: ئاین، خاک و نیشتمان، زمان، کلتور..هتد.

((نامۆیی دیاردەیەکی دەرونییەو لە ئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، لەوانە هەژاری و لێقەوماوی و کارەساتی دڵتەزێن و ونبونی هێزو پاڵپشت و پەناو چارەسەر نەکردنی گرفتەکانی ژیان))(عیسا: ٢٠١٢، ٨٣). واتە کۆمەڵێک هۆکار پاڵپێوەنەرن بۆ دروستبونی ئەم دۆخە دەرونییە. ((نامۆبونی دەرونی، بەو حاڵەتە دەوترێت کاتێک تاک بەهۆی هەندێ فاکتەری نەریتی دەوروبەر، کە دەبنە ڕێگر لە بەردەمی خواستەکانیدا نەتوانێت دەربڕین لە ناخی خۆی بکات، ئەوا تاک توشی ونبون دەبێت و هەست دەکات ناتوانێت بەشێوەیەکی دروست حەزەکانی خۆی و ئاوات و هیواکانی وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت گوزارشتی لێوەبکات))(حەمەد: ٢٠٠٢، ٢٠٢). دەگونجێت تاکێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، توشی یەکێک لە جۆرەکانی نامۆیی ببێت، وەکو نامۆیی ئاینی، نامۆیی کۆمەڵایەتی، نامۆیی ئابوری، نامۆیی هزری..هتد. دواتر پاش نەمانی پاڵنەرەکان ئەو تاکە لە حاڵەتی نامۆیی ڕزگاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ببێت و ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە ئەو جۆرە نامۆییەیە، کە تاک ئەو دۆخە تێنەپەڕێنێت، واتە دوچاری نامۆیی هەمیشەیی ببێتەوە.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان) بکەین، دەبینین نامۆیی بوە بە بەشێک لە شوناسی کەسێتی (دەریاس)و لە چەندین شوێندا ئاماژەی پێکراوە. دوای گەڕانەوەی دەریاس لە ئەوروپا، هەست بە نامۆبونێکی قوڵ دەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا. بۆ نمونە کاتێک دەریاس لەسەر داوای ئەلیاسی برای دەچێتە چاخانەی (داشەهارە)، کە شوێنی کۆببنەوەو دۆمینەو تاوڵە کردنی، هەمو خاوەن پیشە جیاوازەکان بو. دەریاس زۆر نامۆدەبێت و گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ئەم دۆخە دەکات: **((هەستی بەنامۆبونێکی قوڵ کرد، ئەوەتەی لە ئەوروپا گەڕابوەوە لە زۆر سات و جێگادا هەستی بە نامۆبون کرد بو، نامۆبونێکی تێکەڵ بە ترس، سەیرێکی وردی دەوروبەری خۆی کردو دڵنیا بو لەم پیاوانە دەترسێت))**(عەلی: ٢٠١٩، ٣٧) دەریاس نامۆیە بە شوێنەکەو بە خەڵکەکەشی، چونکە دنیای ئەو زۆر جیاوازە. گێڕەرەوە زانیاری زیاتر دەدات بە خوێنەر لەسەر نامۆبونی دەریاس. **((وەک غەریبەیەک وەها بو لە وڵاتێکی غەریب توشی شتێکی غەریب بوبێت، هەستی نەدەکرد کە سەر بە ئێمەیە، تەنیا چاخانەو خەڵکەکەی پێ نامۆنەبو، بەڵکو بە ڕوانینیدا تێگەیشتین کە ڕۆحیشی بە ڕۆحی ئێمە نامۆیە))**(عەلی: ٢٠١٩، ٤١). لێرەدا کەسێتی دەریاس کەوتوەتە بارێکی قوڵی نامۆییەوەو مەحاڵە لێی دەرباز بێت. نامۆییەک کە سەرتاپای ژیانی داگیرکردوە، تەنانەت ڕۆحیشی تەنیوە. ئەمەش دەکرێ بڵێین ئەو جۆرە نامۆبونەیە کە (ئەریک فرۆم) لە مارکسەوە هەستی پێکردوە،(( مرۆڤی نامۆ تەنها بەرانبەر بەوانیتر نامۆنییە، بەڵکو لەگەڵ جەوهەری مرۆڤانەی خۆی و بونە چۆنایەتییەکەی، لە ڕوی خاسیەتە سروشتی و ڕوحانیەکانیشەوە نامۆیە))( فرۆم: ٢٠٠٥، ١٠٦) ئەم جۆرە نامۆییە پەیوەستە بە کەسێتی دەریاس و ژینگەی ئەوروپا، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ و بە مەبەستی خوێندن دور لە هەمو خزم و کەسێک لێی ماوەتەوە. لە کاتێکدا نامۆیی لای کەسێتی ئەلیاس، وەکو دەریاس هەستی پێناکرێت و نابینرێت، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە ئەلیاس هەمیشە لەناو هاوڕێ و کەسەکانیدا بوەو کەسێکی کۆمەڵایەتی بوە، پیشەکەشی کە دەلاک بوە، وای لێکردوە کە هەر لە ناو خەڵکیدا بێت و ڕۆژانە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکیدا هەبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ئەنجامەکان:

١- ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی گونجاوترین ژانری هونەرییە، بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و دیوە نادیارەکانی ناخی نوسەران لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو مەودا فراوانەوەیە، کە ئەم ژانرە دەیرەخسێنێت بۆ گێڕانەوە، بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە. لەم ڕۆمانەشدا بەختیار عەلی بەهۆی ئەو پاشخانە ئەدەبی و مەعریفییەی خۆی، لە ڕێگەی گێڕەرەوەی سەرەکی رۆمانەکەو دیالۆگی نێوان کەسێتییە سەرەکییەکان و ڕۆچون بە ناخی کارەکتەرەکانەوە لە هەوڵی دیارخستن و ئاشکراکردنی دەرونی ئەم کارەکتەرانەدایە، کە بەهۆی تێڕوانینیان بۆ چەمکی شۆڕش و شەڕەوە دوچاری دەبن.

٢- لەم ڕۆمانەدا دەرخستن و ئاشکراکردنی باری دەرونی کەسێتییە سەرەکییەکان، لە لایەکەوە لەسەر زاری گێڕەرەوەی سەرەکی ڕۆمانەکەوەیە و وەک گێڕەوەیەکی هەمو شتزان، کە پانتاییەکی زۆری گێڕانەوەی ڕوداوەکانی خراوەتە ئەستۆ، گوزارشت لە بیر و هزرو باری دەرونیان دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی دەمەتەقێ و دیالۆگی نێوان کەسێتی (ئەلیاس و دەریاس) بەشێکی دیاردە دەرونییەکانیان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکرێن.

٣- لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننوس، بەهۆی دیارخستنی باری دەرونی (دەریاس و ئەلیاس)، جیهانبینی و تێوە گلان و دورەپەرێزی تاکی کوردمان بۆ وێنادەکات لە بارەی شەڕ و شۆڕشەوە، کە بڕوا بونی تەواوی ئەلیاسە بەشەڕەکەو چەمکی شۆڕش و بڕوا نەبونی دەریاسە بە چەمکی شۆڕشکردن. هەر بۆیە ڕەهەندە دەرونییەکان لای کەسێتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، وەکو (خەم، دڵەڕاوکێ و ترس، توڕەیی و هەڵچون،...) وەکو یەک ڕەنگدانەوەیان نییە، ئەمەش پەیوەستە بە ژیان و ژینگەو هزرو دیدو تێڕوانین و تەنانەت پیشەی دو براکەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# A Psychological Analysis of the Main Character in the Novel” Daryas and Bakhtiar Ali’s Bodies”. In Light of the Method of Psychological Criticism

**Sarkawt Omer Eibrahem**
Kurdish Department, College of Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Sarkawt.omer@uor.edu.krd

**Nahida Hussein Abdwlrahman**
Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** nahida-barzinji@uor.edu.krd

## Abstract:

The title of this paper is to measure the personality of the main character in the novel of {Daryas and lashakan} which means { Daryas and corpses} of Bakhtyar Ali.Then taking into consideration a method of psychoanalytic criticism. Of course personality in the novel texts is significant and has a big role, so psycho has an impact on reflecting the personality. This paper tries to analyse the personality of the main characters in the novel in the light of the method of psychoanalytic criticism. The paper is divided into two parts: the first section is about the definition of the term psychology. The second section is devoted to the relation between literature and psychology. Also in the third section a method of psychoanalytic criticism in literature has been presented. In the first section of the second part is about the personality of the character of the novel and the aim of the novel. The character hs been assessed in terms of five psychological disorders ( depression, pessimism, low self-esteem, fear and worry, anger and oppositional deiant disorder ). Through those psychological disorders this paper tries to assess the personality of both characters ( Elyas and Daryas ). Elyas believed in running revolution but Daryas didnt believe in the revolution.

**Keywords**: Main Charater, The Method of Psychoanalytic, Novel, Bakhtyar Ali.

## سەرچاوەکان:


ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنوس .

البصير، كامل حسن عزيز (١٩٨٣)، ڕەخنەسازی مێژو و پەیڕەوکردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد .

البزاز، عدنان محمود: (٢٠٠٧)، مرۆڤی سەرکەوتو...کێ؟...چۆن؟، و: سەروەر حەسەن، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

بۆکانی، سابیر بەکر: (٢٠٠٦)، لە سایکۆلۆژیای مرۆڤدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

پیرداود، ستار (٢٠١٠)، خوێندنەوەی میتافۆر، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

حوسێن، هیمداد (٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای بڵاو کردنەوی موکریان، هەولێر.

حەسەن، ناڵە (٢٠١٢)، چەمکە دەرونییەکان و دەقی ئەدەبی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی.

ژاڵەیی، جەلال خەلەف (٢٠١٠)، گەشەی منداڵ و گیروگرفتەکانی لە قۆناغی شیرە خۆریدا، ئەمینداری گشتی و لاوان.

سلێمان، هانی (٢٠١١)، دەرونزانی گشتی، و: ئامانج محەمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

سەراج، عبدالله (٢٠٠٧)، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشە نیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٣). دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەرونناسییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنوس، سلێمانی

شاملۆ، سەعید (٢٠١٠)، قوتابخانەو تیۆرییەکانی دەرونزانی کەسایەتی، و: فرمێسک ڕزگار محەمەد و سەیدۆ داود عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی .

عیسا، هاوژین صلێوە (٢٠١٣)، ڕەهەندی دەرونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

عەبدوڵلا، پێشڕەو (٢٠١٣)، دەرونشیکاری شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر .

عەلی، بەختیار (٢٠١٩)، دەریاس و لاشەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ،سلێمانی .

عەلی، ئازاد (٢٠٠٧)، دەربارەی دەرونزانی گشتی، چاپی یەکەم .

فرۆم، ئەریک (٢٠٠٥)، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و: ئارام جەمال سابیر، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

قطوس (د. بەسام قطوس) (٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی

قەرەچەتانی، کەریم شەریف(٢٠٠٦)، سایکۆلۆژی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩)، سایکۆلۆژیای گەشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .

گەرمیانی، عادل (٢٠٠٦)، ڕەهەندی دەرونی لە چیرۆکی درێژی(من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا .




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

محمد، تانیا ئەسعەد: (٢٠١٢)، دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر.

مونیف، عبدالرحمن (٢٠٠٦)، تیشکێک بۆ سەر ڕۆمان، و: شیرین. ک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

ابراهیم، سەرکەوت عمر- غریب، لەنجە عبدالرحمن: (٢٠١٦)، خوێندنەوەی ڕوخسار و ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری شیعری لە تێکستی شیعریی (ئێوارەی پایز)ی هێمنی موکریانیدا، گ. (زانکۆی ڕاپەڕین)، ژ.(٨) .

ئەسعەد، فاروق محەمەد ڕەزا (٢٠١٧)، ڕەهەندی دەرونی لە هۆنراوەکانی جەمال شارباژێڕی بە نمونە، گ. (زانکۆی ڕاپەڕین)، ژ.(١١).

پەتی، عومەر (٢٠٠٠)، دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیا، گ.(ڕامان)، ژ. ٤٣، هەولێر.

جاسم، نێچیروان (٢٠١٧)، ڕەهەندەکانی میتۆدی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا، گ.(ڕامان)، ژ.(٢٢٧)، هەولێر.

حەمەد، یوسف عوسمان (٢٠٠٢)، ئەنتی کەسایەتی((خەسڵەتی نامۆبونی تاک))، گ، ڕامان، ژمارە ٧٣، هەولێر .

خەلیل، ڕێبین (٢٠١١) میتۆدی ڕەخنەی دەرونی لە بواری ئەدەبدا، گ.(ڕامان)، ژ.(١٧٠)، هەولێر.

ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد (١٩٩٧)، ڕۆمان ..هەڵوێستی مرۆڤایەتی و کیشەی سەردەم، گ.(ڕامان)، ژ.(١٣)، هەولێر.

زرین کوب، عەبدول حسێن (٢٠٠٥)، ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و: د. هیمداد حوسێن، گ(نوسەری نوێ)، ژ.(٢٨)، هەولێر.

سعید، نوزاد وقاس (٢٠١٥)، ڕەهەندی دەرونی لە شیعرەکانی (بێکەس)دا، گ.(زانکۆی ڕاپەڕین)، ژ.(٢) .

عەبدوڵڵا، سەروەر (٢٠٠٢)، سەرەتایەک لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتیی نێو ڕۆمان، گ.(ڕامان)، ژ.(٧٥)، هەولێر

غەریب، لەنجە عبدالرحمن: (٢٠١٤)، خوێندنەوەی دەرونی بۆ شیعری(دو گۆرانی بۆ سەرەتاکانی کاروانی خەم)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، گ.(زانکۆی ڕاپەڕین)، ژ.(١) .

ڕەشید، شیلان محەمەد (٢٠١٦)، ڕەهەندی دەرونی لە ڕۆمانەکانی (شێرزاد حەسەن و ئەحمەد خەلەفدا)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرمۆ .

محەمەد، شیرین سەعید (٢٠٠١)، نامۆیی لە شیعرەکانی(شێرکۆ بێکەس)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

الجسمانی، عبد علی: (١٩٨٤)، المدخل الى علم النفس الحدیث، مكتبة افاق عربیة، بغداد .

الخفنی، عبدالمنعم (٢٠٠٣)، الموسوعة النفسیة علم النفس والطب النفسی، ط٢، مكتبة مدبولی، القاهرة.

الریماوی، محمد عودة (١٩٩٣)، فی علم النفس الطفل، منشورات الجامیعه الاردنیة، عمان .

سیوف، مصطفی (١٩٥٩)، الاسس النفسیة للابداع الفنی في الشعر خاصة، ط٢، دار المعارف بمصر،

محمد، محمد جاسم (٢٠٠٤)، المدخل الى علم النفس العام، الاردن .

منصور، طلعت والاخرون (١٩٧٨)، اسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصریة .

الشیخ، محمد ال الشیخ: (٢٠٢٠)، عقدة الشعور بالنقص، www.alarabiya.net/politics/2020/12/14



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper7 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021